## را وبۆچوونە جیاوازەکان لەسەر "بەرەی یەکگرتووی کورد" لە ئێران

- **بەهائەددین ئەدەب وتەبێژی "بەرەی یەکگرتووی کورد،**
- **حسێن یەزدان پەنا سکرتێری گشتی "یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان"،**
- **حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتی "حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران"،**

**دوای رووخانی شا و دامەزراندنی جمهوری ئیسلامی، رژێم تەواوی دەسەڵاتی بۆ خۆی هێشتەوە و، دەرگای وتوویژ و یەکلاییکردنەوەی کێشەکانی بە رووی تەواوی ئۆپۆزۆسیۆندا، داخست. هەندێک لەو هێزانە بۆ بەرگیریکردن لە خۆ، دەستیان دایە چەک و کێوەکانی کوردستانیان کردە پشت و پەنا، لە ئاکامدا لەگەڵ هێزی زۆر و زەبەندی کۆماری ئیسلامی رووبەڕوو بوون و ناچار کران بارەگاکانیان ببەنە دەرەوەی سنوور، دوای وەستانی جەنگی هەشت ساڵەی "عێراق ـ ئێران"یش، رەوشی ناوچەکە بە رادەیەکی زۆر لە قازنجی سیاسی ئێراندا مایەوە و، رژێمی جمهوری ئیسلامی رۆژ بە رۆژ بەهێزتر بوو. ئێستا لە دوای ئەو ئازادی و مافانەی کە کوردی باشوور وەدستیان هێناوە، کێشەی کورد بووەتە کێشەیەکی جیهانی و ئەمەش وای کردووە کە داگیرکەرانی کوردستان لە هەر سێ پارچەکەی دیکەش، هەندێ نەرمی بنوێنن. لە حاڵێکدا، کە رژێم ئامادە نییە لەگەڵ لایەنە نەیارەکانیدا، لەسەر مێزی وتوویژ دابنیشی، کوردانی دڵسۆز لە ناوەوە، لە چوارچێوەی خودی یاساکانی رژێمدا، لە هەوڵی پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی کوردی و یەکخستنی دەنگی کورد و، بەدەستهێنانی هەندێ مافن، ئەگەر چی ئەو مافانە لە خواستی میللەتی کوردیش کەمترین.**

**رۆژی 2ی رێبەندان، لە تاران "ئەنجوومەنی ناوەندی" "بەرەی یەکگرتووی کورد"یان راگەیاند. لەو کۆبوونەوەیەدا، 248 کەس ئامادەبوون و 15 کەسیان بۆ "ئەنجوومەنی ناوەندی" هەڵبژێردران، ئەم ئەنجوومەنەش 5 کەسی وەک دەستەی سەرۆکایەتی بۆ خۆی دەستنیشان کرد. لەو 5 کەسەی دەستەی سەرۆکایەتی، دوانیان سەر بە یەکێتی دیموکراتی خوێندکارانی کوردن و دوانیان لە کۆمەڵەی کوردەکانی دانیشتووی تاران و یەکێکی دیکەش نوێنەری پێشووی مەجلیسی شەشەم"مەجلیسی شورای ئیسلامی" بوو.**

**لە ئوستانەکانی ئازربایجانی رۆژهەڵات و لە کوردستان، کرماشان و ئیلام دەستەی سەرۆکایەتی بە شیوەی تاران هەڵدەبژێردرێت، لە کۆتاییدا هەر یەک لەو ئوستانانە 5 کەس دەبێتە نوێنەری لە بەڕێوەبەرایەتی ئەو بەرەیە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان.**

**بۆ زیاتر تیشک خستنەسەر ئەم رووداوە، پێوندیمان بە هەندێ لایەنی پێوەندیدار گرت لەوانە:**

**وتەبێژی "بەرەی یەکگرتووی کورد، بەهائەددین ئەدەب کە ئێستا بۆ چارەسەری سەردانی پاریسی کردووە، ئەو پرسیارانەمان ئاراستە کرد:**

پ: ئامانجی سەرەکی ئەم بەرەیە چییە؟

ئامانجی سەرەکی و ستراتیژیمان پێکهێنانی یەکێتییە لە نێوان کوردەکان لە ئێران، لە هەموو لایەنێک و بە هەموو مەزهەب و ئاینێکەوە، دەبێ لێرە کوردی سوننی، کوردی شیعی، کوردی ئێزدی، کوردی جولەکە و کوردی مەسیحی جیاوازی لە نێوانیاندا نەبێت و هەموومان پێکەوەبین، چونکە بە راستی ئێمە زۆر زیان و زەرەرمان دیوە لە نەیەکگرتنمان و ئەگەر یەکگرتوو بین ئەو زیان و زەرەرە چیتر دوپات نابێتەوە و ئەمڕۆ شاهیدین لە کوردستانی عێراق وەختێ نێوان حیزبە گەورەکان یەکێتی هەیە؛ بە راستی دەستکەوتی باشیشیان

بووە، ئەمە یەکەمین ئامانجی ستراتیژیمانە. مەبەستمان پەرەپێدانە بە دیمۆکراسی بە تایبەت لە کوردستان و هەرێمە کوردنشینەکان، چونکە کوردستانی ئێران و هەرێمە کوردنشینەکان زۆرماوە و دیموکراسی حاکم نییە لە دەڤەرە کوردنشینەکانی ئێران.

ئامانجی سەرەکی دووەممان دوای دیمۆکراسی، یەکسانییە کە یەکسان بین لەگەڵ هەموو لایێکە، چونکە ئێمە لە هیچ کەس کەمترنین و لە هیچ کەس سەرەکی تر نین، ئێمە دەمانەوێ ئەوانەی وا شایستەن، ئەوانەی وا ڕۆڵە باشەکانی کوردستانن بتوانن لە حکومەتدا بەشداری بکەن، تۆزێ عادیلانە بێ و هەموو دەسەڵاتەکان وەکو بواری ئابووری، بواری سیاسی، بواری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بە یەکسانی دەستەڵاتەکان دابەشبکرێن لەناو تەواوی خەڵکی ئێراندا و بە تایبەت کوردەکانیش بەشداربن لەو حەرەکەتە. ئەمڕۆ دەبینین کە کورد دەسەڵاتی بە دەستییەوە نییە  و دەمانەوێ دەسەڵات وەدەست بێنین بەرامبەر بە ئەو حەقانە کە لە ئێران هەمانە وەک مافی مرۆڤ، وەکو ئەو بابەتانە دەمانەوێ لەگەڵ تەواوی خەڵکی ئێران بەرامبەر بین.

ئامانجی سێهەمی سەرەکیشمان باسی پەرەپێدان و بەرنامەی (تەوەسوعی موتەوازن) لە دەڤەرە کوردنشینەکان چ لە بواری سیاسییەوە، چ لە بواری ئابوورییەوە، چ لە بواری کۆمەڵایەتییەوە و هەروەها تەوەسوعی فەرهەنگی و پەرەپێدان بە ناسنامەی کوردی. ئەمە سێ ئامانجی سەرەکی ئێمەیە و هیوامان وایە واقیعەن کوردەکان لە ئێران هەموو یەکگرتووبن و هەموو داوای مافی ڕەوای خۆیان بکەن.

پ: تا ئێستا چەندە پێشوازی لە ئەو بەرەیە کراوە؟

- بەراستی من مەمنوونی خەڵکم ئەوان نیشانیاندا کە ئەم بەرەیە ویستیانە و دەیانەوێ پەرە پێ بدرێت و پێشوازی وا لێکراوە کە بۆ من قابیلی باوەر و تەسەور نەبوو کە لە لایەن خەڵکەوە ئەوها پێشوازیمان لێبکرێ.

پ: ئەو لایەنانەی کە رەخنە لە ئێوە دەگرن، مەبەستیان لەو رەخنانە چییە؟

هیچ کارێک بێ نەقس و بێ ئیراد نییە، مسۆگەر رەخنەمان پێ واردە، خۆشحاڵیش دەبین کە رەخنەمان لێ بگرن. بەڵام فەرقە بەینی رەخنە و بەینی ئەوانەی کە بیانەوێ پێشگیری لە حەرەکەتێک بکەن. رەخنە کەسێک ئەیکات کە دەبێژێ چ حەرەکەتێکتان غەڵەتە و بەهەڵە چۆن. ئێمە لەسەر چاومان دائەنین و ئەگەر ئێمە ئەو هەڵانەمان لە بەرچاونەگرتبێ دیارە ئێمە راستی دەکەینەوە و ئەگەر ئەو بەهەڵەدا چۆبێ ئێمە لەگەڵیدا دادەنیشین و باسی لەسەر دەکەین. بەداخەوە هەندێ جار ئێمە شاهیدین لە کاتێکدا کە لە ناو کورد دا یەکگرتوویی نییە، هەندێک کەس هەر خۆیان دەبینن، خۆدمیحوەری و خۆدمەداری بووتە هۆی لەتمەلێدان لە بزوتنەوەی ناوخۆی ئێران. ئەمڕۆ لە ناوخۆی ئێران بە دەسەڵاتێکی کەمەوە و لەسەر ئەو رادە کەمە کە دەمانەوێ کوردان کۆکەینەوە هەنگاوێکی بەرز هەڵگیراوە. بەراستی دەڵێم هەنگاوێکی بەرزە و هیوامان وایە هەموو لایەک کۆمەکمان بکەن و بە تایبەتیش رەخنەمان لێ بگرن، چونکە رەخنە گرتن لە ئێمە دەبێتە ئیسلاحکردنی ئەو هەنگاوە هەڵانەی کە ئێمە هەڵیدێنین، ئێمە لەم رەخنانە پێشوازی دەکەین. بەڵام تەختەئەکردنیش، خەڵکە کە بەرەنگاریان دەبێتەوە. خەڵکیش بەو پێشوازییەی کە لە ئێمەیان کردووە نیشاندەدەن کە ئەوانن وەڵامی ئەو کەسانەی تر دەدەنەوە.

**پ: ئێستا ئێوە دەزانن بەشێکی زۆر لە تێکۆشەرانی کورد بەهۆی تێکۆشانی سیاسی و تێکهەڵچونیان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی ماوەی بیست و پێنج ساڵە لە دەرەوەی وڵات دەژین، ئێوە وەک بەرەی یەکگرتووی کورد، چۆن چاو لەو گێرەوکێشە دەکەن؟ ئایا پێتان وایە کە دەبێ ئاشتی میللی لە گۆڕێ دا بێ یان نە؟**

حەتمەن لە گۆڕێدایە، ئەو کاتەی کە من نوێنەر بووم لە ئەنجوومەندا، وەک نوێنەرێکی ئەندامی فراکسیۆنی کورد لە ئەنجوومەنی شەشەمدا، پێشنیاری گەڵاڵەیەکمان دا ئەنجوومەن لە ژێر ناوی "ئاشتی میللی"، بەداخەوە ئەو کات مەجلیسی شورای میللی ورد نەبووە لە سەر ئەو پێشنیارە و لە کۆمسیۆنی ئەمنیەتی میللی ئەنجوومەندا، بێ ئەوەی کە کارێکی لەسەر بکەن هەر وا ماوەتەوە. ئەمڕۆ دەتوانێ ئەمە یەکێک لە ئامانجەکانمان بێت و لە بەرنامەی داهاتووی خۆماندا رەچاوی بگرین. ئینشاللا بە یارمەتی خوا بتوانین ئاشتی میللەیەک لە ناو ئێراندا بۆ کورد مسۆگەر بکەین و نامانەوێ بە هیچ شێوەیەک توندوتیژی لەناو ئێران بێت و ئەو توندو تیژیانە لە هەر لایەنەکەوە بێت ئێمە مەحکومی دەکەین. ئێمە وەکو کوردێک داوای مافی خۆمان دەکەین لە چوارچێوەی ئەو یاسایانەی کە ئێستا لە ئێراندا حاکمە. ئێمە لە چوارچێوەی قانوندا کار دەکەین و هیوادارین بتوانین ئاشتی میللی بەرقەرار بکەین.

لە کۆتاییشدا دەمەوێ ئەوە رابگەیەنم کە بەرەی یەکگرتووی کوردستان حیزب نییە و کاری حیزبایەتی ناکات و بەدیلی و جێگیری هیچ حیزبێک نییە و نابێتە ئاڵەتی دەستی هیچ حیزبێکیش. بەراشکاویش دەڵێین ئالەتی دەستی حکومەتیش نییە. بە تایبەتی خۆم ئەگەر رۆژێک هەستی ئەوە بکەم کە بەرە خەریکە بە هەڵەدا دەچێ خۆم و هاوکارەکانم کە هاوفکرین بە خەڵکی رادەگەیەنین تا روون بنەوە، بەڵام بە راستی خەڵک خۆیان روونن و دەزانن بەرە؛ بەرەوکوێ دەڕوات. تا ئەمڕۆش دەوڵەت گرفرتێکی بۆ ئێمە دروست نەکردووە، بەڵام هەندێک لایەنەکانی وا بەستە بە دەوڵەت و دەوروبەری دەستیان کردووە بە پڕۆپاگەندە دژی ئێمە. دەڵێن کە ئێمە دەستکردی دەرەوەین و دەیانەوێ پێشی ئەو حەرەکەتە بگرن. دەتوانین بڵێین ئەوانە رۆژنامەی کەیهان و رۆژنامەی یارلیسارات و ماڵپەڕی سەرۆک کۆمارن.

ئینشائەڵلا بە یارمەتی هەموو لایەک بتوانین هەنگاوێکی گەورە بۆ خەڵکی چەوساوەی کورد هەڵێنین.

بۆ روونکردنەوەی ئەم بابەتەش لەگەڵ هەندێ لایەنی ئۆپۆزۆسیۆنی رۆژهەڵاتی کوردستان، وەک حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران و یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، پێوەندیمان گرت، تا هەلویستی ئەوان بەرانبەر بە ئەم رووداوە سیاسییە وەربگرین، هەروەها لە پێوەندی لەگەڵ دامەزراندنی ئەو بەرەیە، پەیام بۆچوونیان بۆ لایەنگران و ئەندامانی خۆیان روون کردەوە.

**بۆ وەرگرتنی رای ئۆپۆزۆسیۆنیش، دوو پرسیارمان ئاراستەی حسێن یەزدان پەنا سکرتێری گشتی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان و حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کرد:**

**پ1: هەڵویستیان بەرانبەر بە دامەزراندنی ئەو بەرەیە.**

**پ2: پەیامیان بۆ لایەنگرانی خۆیان لە کوردستانی رۆژهەڵات سەبارەت بەو رووداوە.**

- حسێن یەزدان پەنا سکرتێری گشتی یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان:

1- سەبارەت بە بەرەی یەکگرتووی کورد کە لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن ئەو برادەرانەوە پێکهاتووە، وەک ئوسۆل ئێمە لە هەر حەرەکەت و بزاوتێک کە هەر ئەندازە لە پرسی کورد بورژێنێ و، بۆ هەر ئەندازە لە ماف و ئازادیەکانی نەتەوەیی گەلی ئێمە لە رۆژهەڵات کاربکات ئێمە پشتیوانی لێ دەکەین. ئەمە وەکوو

ئوسووڵ و بنەما، بەڵام بە شێوەی موشەخەس بە بۆچوونی ئێمە هێشتا زووە. ئێمە لەسەر ئەو بەرەیە هەڵوێست بگرین، لەبەر ئەوەی عادەتەن بۆ شتی ئاوا دەبێ ئینسان چاوەڕوان بێ تا بەرنامە و ئامانجەکان و پەیرەوی ئەو پێکهاتەیە یان ئەو رێکخراوە روون ببێتەوە. بێگومان ئەگەر هەر پێکهاتەیەک و هەر رێکخراوێک لە رۆژهەلاتی کوردستان بە شێوەیەک دابمەزرێت کە ئەسالەت و رەسەنایەتی خۆی بسەلمێنێ و جێی گومان نەبێ و پیلانێکی وردبینانە نەبێ کە دام و دەزگاکانی جمهوری ئیسلامی بۆ دروستکردنی ئالتەرناتیفی دژ بۆ رێکخراوە سیاسیە ناسراوەکانی رۆژهەلاتی کوردستان دەگیرێ و خەمەکەی خەمی ماف و ئازادیەکانی کورد بێت. ئێمە پشتیوانی لێ دەکەین، بەڵام ئەگەر لە حالەتێکدا دوکانێکی سیاسی بکرێتەوە بەناوی کوردەوە یا بە هەر ناوێکەوە کە بەشێک بێت لە پرۆژەی بەلەڕێدابردنی بزوتنەوەی سیاسی کورد دیارە ئێمە موخالەفەتی لەگەڵ دەکەین.

لە سەر پێکهاتەی ئەو بەرەیە کە ئێمە زانیاری تەواومان لە سەریان هەیە، لێی بەگومان نین و پێمان وایە بە لانی کەم؛ زۆربەی ئەو کەسانەی کە لەو چوارچێوەیەدا کۆبوونەتەوە و دەیانەوێ کارێ بکەن، ئەوان لە خەڵکی خۆشناو و خەڵکی خاوەن کەسایەتی رۆژهەلاتی کوردستانن و تەسەوری ئێمە و چاوەروانی ئێمە ئەوەیە کە ئەوان لە چوارچێوەی مومکندا بتوانن کار بکەن. هەڵبەت لە حالەتێکی وادا ئێمە پشتیوانی راشکاوی خۆشمان دەردەبڕین، ئەو کۆمەڵە خەڵکە یەک دەست بن خەڵکی وا تێدا هەیە بە بیر و هەڵوێستی کۆنسێرڤاتیفانەوە چاو لە مەسەلەکان دەکەن. ژمارەیەک لاوی کوردی تێدایە بە کوڕ و کچەوە یا بڵێین بە ژن و پیاوەوە، خەڵکی نەتەوەیین و زۆریش هەوڵ دەدەن بۆ رزگاری گەلی کورد. لە نێو خودی ئەو پێکهاتەیەشدا ململانێیەک هەر ئێستا لە گۆڕێدایە لە نێوان ئەوانەی کە بڵێین ستراتیژیەتێکی روونتریان هەیە و، تێدەکۆشن کە ئەو پێکهاتەیە ببێتە بەشێک لە جوولانەوەی رزگاریخوازی کورد لەگەڵ بەشێکی دیکەدا، کە لە راستی دا زیاتر هەوڵ دەدات لە کەلێنەکاندا بژیت و ئەگەر کەلێنێک هەبوو بتوانێ دەنگی تێدا بەرز بکاتەوە و ئەگەر کەلێنەکە بەسترا ئەویش لەگەڵ بەسترانی ئەو کەلێنە کۆتایی بە تەمەنی بێت. ئەمە دەتوانم بڵێم وەک بۆچوون و تێبینییە سەرەتاییەکانی یەکێتی شۆرشگێرانی کوردستانە. بەڵام وەکو عەرزمکردن دەبێ چاوەڕوان بین پاش ئەوەی بەرنامە و پەیڕەوی خۆیان دەدەنە دەرێ، ئەو دەمە بۆچوونی لێبڕاوانەی خۆمان رابگەیێنین.

2- پەیامی ئێمە بۆ لایەنگرانی خۆمان لەم قوناغەدا، لە سەرەتادا شتێکی دیکەیە تا قوناغەکانی کامڵبوونی ئەو حەرەکەتە، ئێستا ئێمە داوامان لێ کردوون کە بە چاوتیژییەوە چاو لەو حەرەکەتە بکەن. داوامان لێ کردوون کە هەڵوێستی دژ بەو حەرەکەتە نەگرن، بەڵکو چاوەڕوان بن تا ئەو حەرەکەتە زیاتر خۆی بناسێنێتەوە و ئەو دەم ئەوان هەڵوێستی خۆیان بگرن کە دەبێتە هەڵوێستی یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان. بەڵام ئەوەی کە قەتعی پێمان وتوون کە دژایەتی نەکەن، هەڵوێستی دژبەرانە نەگرن و چاوتیژانە بزانن مەسەلەکە دەقیقەن چۆنە و چەندە دەکرێ حیساب لەسەر بکرێ و چەندە جمهوری ئیسلامی لەو مەسەلەیەدا دەستی هەیە یان چەندە لێی دوورە. ئەوانە بنەماکانن بۆ ئەوەی کە ئێمە هەم وەک هەڵوێست ساخ بینەوە و هەم وەک بڕیاری تەشکیلاتی بە تێکۆشەرانی خۆمان بدەین.

- **حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتی "حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران":**

1- سەرەتا دەمەوێ بڵێم کە ئەمە بەرەیەک نییە کە لە پارت و رێکخراوی سیاسی جۆراوجۆر پێکهاتبێ. بەڵکوو لە چەند کەسایەتییەک پێکهاتووە کە هەر یەک لە وان بە جۆرێک دەڕوانێتە مەسەلەکان، تێیدا هەیە کە رەنگە تا رادەیەک پڕوای بە دیموکراسی و مافی نەتەوەکان و تێیدا هەیە پێی وایە کە دەتوانێ لەگەڵ جەمسەری ئیسلامی ئیدارە بکات، واتە بۆچوونەکانی ئەو

کەسانەی کە لەو بەرەیەدا کۆبوونەتەوە جۆراوجۆرە و زەحمەتیشە پیاو بتوانێ بۆچوونی هەر یەک لەو کەسایەتیانە تەحلیل بکات. بە شێوەیەکی گشتی ئێمە کە سەیری ئەو پێکهاتەیە دەکەین دەبین کە کەسایەتی وای تێدایە کە خۆشناوە و خاوەن رابردووە و تێدایە کە لە رژێم نزیکە و تێدایە زیاتر خزمەتگۆزاری خەڵک دەکات، بە هەر حاڵ بۆچوونی ئێمە بەرامبەر بەو پێکهاتەیە یان ئەو بەرەیە ئەوەیە، ئێمە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران ڕوامان بە دیموکراتی هەیە و هەر لەم چوارچێوەیەشدا ڕوامان بە فرەحیزبی هەیە. رەنگە ئێستا کە ئەمە پێکهات لە داهاتوودا شتی دیکەش پێکبێت. بە گشتی ئێمە لە پەیوەندیدا لەگەڵ هەموو ئەوانەداین و لە سەرەتای دروستبوونیاندا نابێ تەئییدیان بکەین و نابێ رەتیان بکەینەوە، بەڵکو ئێمە دەڕوانینە کارکردنی ئەو بەرەیەیە یان هەر پێکهاتەیەکی تر کە لە داهاتوودا دروست ببێتەوە، ئەگەر کارکردنیان لە قازانج و بەرژەوەندی گەلی کورد و بزوتنەوەی کورد و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستاندا بوو، ئەوە بێگومان ئێمە وەکو حیزبی دیموکراتی کوردستان نەک هەر تەئیید بەڵکو تەقدیریشی دەکەن، بەڵام ئەگەر بە پێچەوانە لە چوارچێوەی بەرژەوەندی گەلی کورد و بزوتنەوەی کورددا نەبێت و بیانەوێ بە جۆرێک بزۆتنەوەی کورد خەوشدار یان کەم رەنگی بکەنەوە یا داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان، داخوازییە سەرەکی و سیاسییەکانیان بڵند نەکەنەوە و وای لێبکەن کە لە هێزێکی بچووکدا بەرتەنگی بکەنەوە کە بە قەووڵی خۆیان دەتوانن لە چوارچێوەی قانونی جمهوری ئیسلامیدا جێگای بێتەوە، هەڵبەت لە قاو دەدرێت و پێش لەقاودانی لە لایەن هێز و رێکخراوە کوردستانییەکان خەڵک بۆ خۆیان ئەو راستییە دەرک دەکەن.
بۆیە ئێمە بەرامبەر بە ئەو بەرەیەی کە پێکهاتووە، دەڕوانینە کارکردنیان و هەڵوێستەکانیان لە خزمەت کورددا بێ، تەئییدی دەکەین و تەقدیری دەکەین، لە خزمەت بزوتنەوەی کورد دا نەبێ لە جهەتی دابەزاندنی ویست و داخوازی خەڵکی کوردستان بێ یا ببێتە وەسیلەیەک بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی چەواشەکارانەی و فریوکارانەی کۆماری ئیسلامی لە پەیوەندی لەگەڵ دیموکراسی و مافی مرۆڤ و مافی نەتەوایەتی گەلی کورددا، بێگومان ئێمە لە قاوی دەدەین.

2- هەلبەت راسپاردەی ئێمە بۆ ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوەوەی وڵات لە چوارچێوەی ئەو هەڵوێستەدا دەبێ کە لە سەرەوە ئاماژەم پێ کرد. ئێمە لە هەلومورجی ئێستادا، ئەرکی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب ئەوە نییە کە تەئییدی پێکهاتەیەکی لەو جۆرە بکەن. بە تایبەتی کاتێک "بەرە" دەڵێ لە چوارچێوەی قانونی ئەساسیدا تێکۆشان دەکەن، ئەوە نە تەنیا زەحمەتە بەڵکو نامکینە کە لە چوارچێوەی ئەو قانونەدا دیموکراسی و خواستەکانی خەڵکی کوردستان دابین بکەین. بۆیە ئێمە داوامان لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب ئەوە کە لە ئێستاوە نە بەجۆرێک تەئییدی بکەن کە لە داهاتوودا بەپێچەوانە خۆیان نیشانبدەن و نە بە شێوەیەک تەئییدی بکەن کە لەوانەیە لە داهاتوودا بە شێوەیەکی دی خۆی نیشان بدات.

دەبێت هەموومان بە چاوێکی ئاواڵەوە بڕوانینە هەڵوێستەکانی ئەو بەرەیە. کاتێک هەڵوێستەکانیمان دیت، ئەو کات دەتوانین هەڵوێستی خۆمان بگرین.

**سەرچاوە: "هەفتەنامەی پەیامی کورد"، ژمارە** 75 **ریکەوتی** 2006.2.10